www.kurdistannet.org
16-12-2007 23:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایا سەرۆکی کوردستان لە هەمبەر یاسای ڕۆژنامەوانیدا بێدەنگ دەبێت؟ ... مەهاباد قەرەداغی

پێناسە هەرە سادە و کلاسیکیەکەی دیموکراسی کە بیست و چوار سەدە پێش ئەمڕۆ لە گریکستان سەری هەڵدا و پەرلەمانی لێکەوتەوە، بریتییە لە "حوکمی خەڵک" لە وڵاتدا. ناچارین ئەم پێناسە سادە و دێرین و بێرتووشە زوو زوو بیری پەرلەمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخەینەوە و بە پەرلەمانتارەکانیشیان بڵێین: "هۆ کاکەگیان، باجی خان ئێوە لە پەرلەماندا نوێنەری خەڵکن نەک خۆتان. "



ئێمەی کورد خوێنمان بوو بە ئاو هەتا توانیمان ئەم بەشەی کوردستان، واتە "باشوور"ی نیشتیمان رزگار بکەین لە داگیرکارەکانی و خۆمان ببینە فەرمانڕەوای خۆمان. پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان زۆربەی هەرە زۆرمان لە دامەزراندنیدا بەشدارین، بۆیە بەرامبەر هەموو چاک و خراپییەکانیشیان بەرپرسیارین، لە هەموو بیر و کردارێکیشیان ئاگادار و هۆشیارین.

پەرلەمانی کوردستان، ئەو کاتە پیرۆزە کە نوێنەرە ڕاستەقینەکانی خەڵکی تێدا بێت. نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکیش ئەو کەسانەن بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانیان لەبەرچاو بێت، لەناو خەڵکەوە هەڵقوڵابن و ئامادە بن بۆ خەڵک "گەر پێویستی کرد، تەنانەت" گیانی خۆشیان دابنێن.

سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان پێویستە گوێ لە خەڵک بگرن ئینجا بدوێن، خەڵک ببینن ئینجا بڕوانن، واتە ئەوان هیچی دیکە نین جگە لە زمان و گوێ و چاوی خەڵک. هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئەم ڕۆڵەی خۆی فەرامۆش کرد و بوو بە گوێ و چاو و زمانی دەستەیەک، یان چین و توێژێکی بچووک، شایانی ئەو کورسییە نییە کە لە پەرلەماندا پڕی دەکاتەوە. کورسی پەرلەمان بەتاڵ بێت باشترە لەوەی کەسانی ناهۆشیار پڕی بکەنەوە.

دەستووری کوردستان لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت. ڕەشنووسی ئەو دەستوورە کەوتە بەردەستی هەموومان و قسە و باسی زۆرمان لەسەر کرد. سەرۆکی کوردستان وەک هەر یەکێک لە ئێمە ڕای خۆی لەسەر ڕەشنووسی دەستوور دەربڕی و باسی کەموکوڕییەکانی کرد. ڕا و بۆچوون و ڕەخنە و تێبینییەکانی هەموومان کۆکرایەوە، تا لە کاتی دارشتنەوەی دەستووردا ڕەچاو بکرێت. پەرلەمانی کوردستان لەو هەنگاوەدا ڕۆڵە ڕاستەقینەکەی خۆی بینی و ویستی گوێ لە خەڵک بگرێت و تەماشای خەڵک بکات و ویست و بەرژەوەندییەکانی خەڵک بکات بە دەستوور. ئەگەرچی دەستووری کوردستان دوای ئەو ماوەی کە بۆی دیاری کرابوو بۆ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی دەستوور، بەسەر چووە و لیژنەکە دواکەوتوون لە بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی خۆیان، بەڵام هێشتاش دەکرێ ستایشی ئەو بەشە لە کارەکەیان بکەین، کە گەڕانەوە بۆ خەڵک و لە خۆیانەوە دەستووریان دانەنا.

یاسادانان ئەرکی سەرەکی پەرلەمانە. دەبێ یەک بە یەکی ئەندامانی پەرلەمان هۆشیار بن لەوەی کە یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵک دادەنرێت، نەک بۆ سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی خەڵک.

یاسای ڕۆژنامەوانی پەیوەستە بە ئازادی ڕادەربڕین و یەکێکە لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی دیموکراسی و، یاسایەکە توێژی بیرمەند و ڕووناکبیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان دەگرێتەوە، کە بەهەموویانەوە دەسەڵاتێک پێک دەهێنن هێندەی دەسەڵاتی پەرلەمان گرنگەو چاودێریشە بەسەر هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری.

دەسەڵاتی چوارەم، پێویستی بە یاسایەکی مۆدێرنە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان، تا بە پێی یاسا دەسەڵاتی خۆیان پیادە بکەن، نەک بە یاسایەک کە فیکر و هۆش کۆنترۆڵ بکات.

سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان نابێ لە بیریان بچێتەوە کە بە تایبەت بۆ ئەم یاسایە ئەوان ڕووبەڕووی توێژێکی هۆشیار و بیریار و خوێندەوارن و توێژێکن "زۆربەیان" هۆشیارترن لە "زۆربە"ی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەندامانی پەرلەمان. پەرلەمانی کوردستان کاتێ یاسای ڕۆژنامەوانی دادەنێت، پێویستە ڕەچاوی ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕووناکبیرانەی کورد بکات کە بەرژەوەندی نەتەوەیی و پێشکەوتنی کوردستان ئامانجی کارەکانیانە و لە پێناوی کوردستانێکی ڕووناک و حکومەتێکی بەهێز و پەرلەمانێکی پێشکەوتوو، ڕەخنەی جوان و ڕەوا و بنیاتنەر دەگرن. پەرلەمان نابێت لە کاتی دانانی یاسادا ڕێژەیەکی بەرفراوان لە ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕووناکبیری دڵسۆز فەرامۆش بکات و تەنها ڕەچاوی چەند ناڕۆژنامەنووس و نانووسەر و ناڕۆشنبیرێک بکات کە لە هەندێ سایتەوە جنێو دەدەن و سوکایەتی بە ژن و پیاوی کورد دەکەن.

ئەوەی کە لە یاسای ڕۆژنامەوانیدا تێبینی دەکرێت، کە ئەم ماوەیە لە پەرلەمانی کوردستاندا بڕیار بۆ چەند بڕگەیەکی دراوە، مەخابن ئەوەیە کە بە شێوەیەکی "نائەقلانی" سنوور بۆ بیرکردنەوە و دەربڕین دادەنێت، کە ئەمەش دژایەتیکردنی سیستەمێکی دیموکراسییە.

لە کۆتایی ئەم وتارەدا، تیشکێک دەخەمە سەر ئەو پرسیارەی کە سەردێڕی نووسینەکەمە. ئایا سەرۆکی کوردستان لە هەمبەر یاسای ڕۆژنامەوانیدا بێدەنگ دەبێت؟

بە بڕوای من، سەرۆکی کوردستان وەک هەر یەکێک لە ئێمەی ناڕازی لەو یاسایە، هەڵوێست وەردەگرێت و تا چاک نەکرێتەوە بڕیاری بۆ نادات. بەڵگەشم بۆ ئەم بڕوایە، هەڵوێستەکانی پێشتری بەڕێزیانە. پێم وا نییە سەرۆکی کوردستان ڕەچاوی پێوەرێکی گشتگیر نەکات لە پرسێکی ئەوەندە گرنگی وەک یاسای ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕین.

هەموومان دەزانین ئەم قەوارە سەربەخۆیەی کوردستان چەند گرنگە و هەموو کاتێک ئامادەین بە گیان و دڵ بیپارێزین. هەر لە پێناوی پاراستنی ئەم قەوارە سەربەخۆیەشە، دەست لەسەر کەموکورییەکانی دادەنێین و ڕەخنە دەگرین. بە ویست و ئیرادەوە ئامادەی چاککردنەوەی کەموکورییەکان و بەهێزکردنەوەی خاڵەلاوازەکانی حکومەتی کوردستانین.

دیارە کەسانێکیش هەن کە دوژمنانە ڕەخنە دەگرن و جنێو دەدەن و سوکایەتیش دەکەن. با بیدەن، دڵنیابن بە جنێو هیچمان لێ کەم نابێتەوە و ئەوەی سوکایەتی بە کەسانی تر بکات، خۆی سووک دەبێتەوە. نابێت ئەمانە بکرێن بە پێوەر لە کاتی دانانی یاسادا و بەهۆی ئەمانەوە سانسۆر باوی بێتەوە.

ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕووناکبیری ڕاستەقینە پێویستی بە یاسا نییە تا جنێو نەدات و سوکایەتی نەکات، چونکە مرۆڤی خاوەن پرنسیپی مرۆڤانە ویژدانی هەیە و ئەو ویژدانە خۆی ڕێنومایی دەکات بۆ ئەوەی لە کاتی نوسین و دەربڕیندا ڕێز لە مرۆڤایەتی مرۆڤ بگرێت و بۆچوونەکانی خۆی بەو پەڕی ئازادییەوە دەربڕێت و سوکایەتیش بە کەس نەکات. با دڵنیا بین لەوەی دەیان یاسای سانسۆر و سنووردارکردنی وا دەربچێت، ئەوانەی کە مەبەستیان سوکایەتیکردنە بە ئینسان، سوکایەتی خۆیان هەردەکەن، چونکە ئەو جۆرە مەخابن غەریزە دەیانبات بەڕێوە. هیچ یاسایەک هێندەی یاسای ویژدان کاریگەر نییە، تا مرۆڤ بۆ کاری چاک و ڕێزی بەهای مرۆڤایەتی هان بدات.

بەڵام خۆ هەر پێویستیشمان بە یاسا هەیە لە وڵاتدا و یاسا کۆڵەکەی بناغەیی دەوڵەتەکانە و دەبێت هەمانبێت. با یاسای ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕین و هەموو یاساکانی تری کوردستان، لەسەر بنچینەی بەهاکانی سروشت دابنێین. یاسای ویژدان یاسای سروشتە، یاسای ئەقڵە، ئەقڵیش سەرچاوەی مەعریفەتە. ئێمەی مرۆڤ سروشت ئەقڵی پێبەخشیوین و ئەگەر ئەو ڕێنومامان بێت، نە ون دەبین، نە دەڕووخێین، نە ئازار دەچێژین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.